وەزارەتی دەرەوەی عێراق خشتەیەك بۆ مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ڕادەگەیەنێت

ئەمڕۆ پێنجشەممە، وەزارەتی دەرەوە ڕێککەوتنێکی لەگەڵ ئەمریکا بۆ داڕشتنی خشتەی کاتی بۆ ئامادەبوونی ڕاوێژکارانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ڕاگەیاند.

وەزارەتەکە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: لە پێناو جێبەجێکردنی ئەرکە نیشتمانییەکان و هاوتەریب لەگەڵ گەشەسەندنی توانا و کارایی هێزە عێراقییەکان، حکومەتی عێراق بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سەرکەوتنی خولی دانوستانی بەردەوامی نێوان هەردوولا ڕادەگەیەنێت کە لە مانگی ئابی 2023 دەستیپێکرد و بە پێویستی دامەزراندنی لیژنەی باڵای سەربازی (HMC) لەسەر ئاستی گروپەکانی کارکردن بۆ هەڵسەنگاندنی هەڕەشە و مەترسییەکانی داعش لە بارودۆخ و پێداویستییەکانی ئۆپەراسیۆنەکان و بەهێزکردنی توانای هێزە ئەمنییەکانی عێراق، بەمەبەستی داڕشتنی خشتەی کاتی دیاریکراو و ڕوون کە ماوەی بوونی ڕاوێژکارانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە عێراق دیاری بکات و دەستپێشخەری کەمکردنەوەی وردە وردە و بە ئەنقەست ڕاوێژکارەکانی لەسەر خاکی عێراق و کۆتایی هێنان بە ئەرکی سەربازی هاوپەیمانی دژ بە داعش.

ئاماژەی بەوەشکرد: ڕێککەوتنەکە گواستنەوەی پەیوەندییە هەمەلایەنەکانی دووقۆڵی لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمانی، سیاسی، ئابووری، ڕۆشنبیری، ئەمنی، و سەربازی لەخۆدەگرێت، کە هاوتەریبە لەگەڵ دیدگای

حکومەتی عێراق، بەتایبەتی ڕێککەوتنی چوارچێوەی ستراتیژی، کە پەیوەندییە هەمەلایەنەکانی نێوان عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێکدەخات و ڕەنگدانەوەی خواستی هاوبەشی هاوکاریی نێوان هەردوولایە بەشێوەیەك کە بەرژەوەندییەکانی هەردوو وڵات بەدیبهێنێت و بەشداربێت لە بەهێزکردنی ڕۆڵی ناوچەیی و نێودەوڵەتیی عێراق بەشێوەیەك کە لەگەڵ پێگەی مێژوویی خۆیدا بگونجێت و باشترین پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکان و خواستەکانی گەلی عێراق.

ئاشکراشیکرد: هەردوولا پشتیوانی خۆیان بۆ کارەکانی لیژنەکە دەربڕی و ئاسانکارییان بۆ کارەکانی کرد و خۆیان بەدوور گرت لە هەر شتێك کە ڕێگری لە کارەکانی بکات یان دوابخات، چونکە پاراستنی ڕێڕەوی کارەکانی لژنەکە و سەرکەوتنی لە بەدیهێنانی ئەرکەکەی بەرژەوەندییەکی نیشتمانییە جگە لە بەشداریکردن لە پاراستنی سەقامگیری عێراق و ناوچەکە، هاوکات وەزارەتی دەرەوەی عێراق ڕنیکردەوە: حکوومەت داوای کرد کارەکانی ئەم لیژنەیە ڕانەگیرێت، گرفت و پچڕانی تێنەکەوێت، هەروەها کار بۆ ئەوە بکرێت کە دەستکاری سەقامگیریی عێراق نەکرێت بە گەیشتن بە ئامانجی تایبەت.

دووپاتیشیکردەوە: عێراق پابەندبوونی خۆی بە سەلامەتی ڕاوێژکارانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی نوێ دەکاتەوە لە ماوەی دانوستانەکاندا لە سەرتاسەری وڵات، بە پاراستنی سەقامگیری و ڕێگریکردن لە تاودان، هەروەها حکومەت تەئکید لە پێشوازیی خۆی بۆ ئەم ڕێککەوتنە دەکاتەوە و بە بەشێك لە جێبەجێکردنی دەزانێت لە بەرنامەی حکومەت و ئەو بەڵێنانەی کە لەبەردەم خۆیدا پابەند بووە پێیەوە.